# هەڵەبجە مارشێك لە دراما
# سیمبولێك بۆ وەستانەوە!

***حەمەغەفور***
hamaxafoer@yahoo.com

**بەداخەوە پاش حەڤدە ساڵ هێشتا هەموو شێوازەکانی دەربڕینیش سەبارەت بە هەڵەبجە ڕەنگ و بۆنی درامای خەڵکی ئەم شارەی لێنەبڕاوە. هەر هەوڵێك بۆ بەکاربردنی شێوازی تر ئەبێتەهۆی دوورکەوتنەوە لە وێنای واقعی ژیانی خەڵکی ئەم شارە. بەڵام هەڵەبجەی ئەم بەهارە لەوانیتر جیایە. لەوێوە نا کە هەوری ڕەشی ژاربارانی خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕەوییبێتەوە، یاخود ئاسەواری ئەم کۆکوژی و دراما گەورەیە پاکبووبێتەوەو ئێستا ئیتر دانیشتوانەکەی بە کەماڵی ئیسراحەت هەوای پاك هەڵمژن و ئاهێکیان بەبەرداهاتبێتەوە، یا تەزووی ڕاچڵەکێنەری ژانی ئەو کۆستە گەورەیە لەکۆڵ ویژدانیان بووبێتەوەو سەری خۆی هەڵگرتبێ! هەڵەبجە ئەمساڵ لەوێوە جیاوازنیە لە ساڵانیتر کە تراژیدیای کۆمەڵکوژی ئەم شارەو هاووڵاتیانەکەی کرابێتە ڕەمزی نەفرەت لە بوونی چەکوچۆڵی کۆکوژ لە جیهان و قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی. فەرقی ئەمساڵی ئەم شارەو ئەم دەڤەرە بەوە نیە جەستەی هەلاهەلای هەڵەبجە لەم حەڤدە ساڵەدا گۆڕابێ بۆ شارێکی خەیاڵی و نموونەی ئاوەدانی و ژیانی سەردەم، گەڕەك و کوچەو کۆڵان و بازاڕو دوکانی پڕبێ لە کارو بەرهەم و شادی وخۆشی و چراخان و بۆتەی ئاڵ و واڵای کەیف و گەمەی منداڵان بۆ دانیشتوانەکەی، هەتا بە شانازییەوە وەکو ڕەسمی هەموو ساڵێك لە 16مارسدا هەموو بچینە لای "مۆنیۆمێنت"ێك بۆی و بە کۆمەڵ بیکەینە چەپڵەڕێزان بۆ سەرکەوتنی ژیان بەسەر نەهامەتی و تاریکیدا!**

**ئەمساڵ هەڵەبجە لەو شوێنەوە جیاوازە چونکە تەنانەت ئەوانەشی کە ساڵانێك بۆیانچووبووەسەرو هەر کە کوردستان باوەشی بۆ بەهار ئەکردەوە فوویاندەکرد بە زوڕنای "هەڵەبجەڤیستیڤاڵدا"، دەی، هەموو ساڵێك دەمەوبەهار دەبووە هەراو بەناوی یادەوەری لە کارەساتی هەڵەبجەوە بەسەر هەست و سۆزو ویژدانی بریندارى خەڵکی ووڵاتەشارێکدا، بەسەر داروپەردو و کەلاوەکانیدا، بەسەر سنگ و دڵ و جەستەی پڕ لە زامی قووڵی هەڵەبجەدا فەرشی قرمزیان ڕادەخست و مەراسیمی سیرەمۆنی(تەشریفاتی)یان بۆ دوژمنانی هەڵەبجەو خەڵکەکەی، بۆ تاوانبارانی ڕەنگاوڕەنگی ژاربارانکردنی ئەم شارە بەڕێدەخست، ئەمساڵ ئەژنۆیان دەلەرزێ و زمانیان ناگەڕێ، نازانن چۆن و بە کام شێواز ئەم بەهارە بەڕێکەن! چونکە خەڵکی شاری هەڵەبجەو کوردستانیش نایانەوێ ئەم تەشریفاتە بێبایەخە بەردەوامبێت. هەڵەبجە لە13ی مارسی پاردا وای ووت!**

**پارساڵ هەڵەبجە لە سەرەتای بەهاردا بە یەك دەنگ ووتی، نا، ئیتر بەسە! نە ڤیستیڤاڵ، نە مۆنیۆمێنت، نە چەپڵەڕێزان، نە فەرشی سوور، نە فرمێسکی درۆیینە و وەعدوبەڵێن هیچیان لەم شارەدا بەرێوەناچێت.**

چونکه بۆ خەڵکی ئەم شارە دڵڕەقی دەسەڵاتی ئەحزابی کوردی جیاوازیەکی زۆری نەبوو لەگەڵ ڕژێمی سەددام. زیاتر لە پازدە ساڵە دەسیدەسی بە خەڵکی ئەم شارە دەکرێ و بە بەڵێنی پووچ هەموو ساڵێك دەیاننێرنەوەماڵەوە. پازدە ساڵە هێشتا هەڵەبجە بۆنی خەردەل و سیانیدی لێنەبڕاوە! کەلاوەکانی هەر کەلاوەن، نەك هەر بریندارو قوربانیانی چەکی کیمیایی بەڵکو هەموو خەڵکی ئەم شارە ئومێدو ناسۆرەکانیان یەکیەك دەبەنە ژێرگڵ. ئەگەر کەسێك دەڵێ وانیە با پێمانبڵێ بۆچی ساڵی پار بەهەمان شێوەی ڕژێمی بەعسی کە چۆن لە ساڵی987دا بە وەحشیانەترین شێوە کەوتە سەرکوتی خەڵك و ڕەشبگیرو بێسەروشوێنکردنی سەدان کەس لە خەڵکی ئەم شارە، ئەمانیش لەگەڵ ناڕەزایەتی خەڵکی هەلەبجە جووڵانەوە؟! مەگەر نەفیری عامیان بۆ گەنجان دەرنەکرد!؟ بۆچی تەنانەت هەڕەشەی ئیعدامیشیان بۆ سەرکوتی ئەم شارە بەکارنەبرد؟!

ئەم ڕاوەستانەی خەڵکی هەڵەبجە بەرگریی ئەم شارەی بیرهێنامەوە بەر لە کیمیاباران لە بەرامبەر ڕژێمی بەعسدا. ئەو ساڵانەی تۆڕی سیخوڕی و جاسووسیکردن و گرتن و ڕاونان بەجۆرێك پەلوپۆی هاویشتبوو، بڕواو متمانەو وەستانەوە نزیك بە مەحاڵ بووبووەوە لەناو خەڵکیدا. بەڵام لەم شارەدا، لەم هەڵەبجەیەدا پیاوانی ڕژێم و دەزگاکانی سەرەڕای هێزو جبەخانەی زۆری سەرکوت و سوپایەکی بێشومار، لەبەردەم ڕاوەستان و ئیرادەی خەڵکی ئەم شارەدا حەپەساو و داماوبوون. بەزەحمەت شەویان ڕۆژدەکردەوەو بە پیچەوانەشەوە. لەو ساتە سەختانەدا کە خەڵکی کوردستانی تێدادەژیا هەڵەبجە باوەشی گەرمی بۆ خەباتکارانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی موخالیفی ڕژێم کردبۆوە، لەمسەری چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە تا ئەوسەری ناسیونالیستەکان، لە شاری هەڵەبجە لەناو ڕۆح و هەستی نەترسی ئەم شارەدا تاڕادەیەکی باش چالاکی سیاسی خۆیان ئەنجامدەدا. جموجووڵێکی سیاسی بەرچاو لەم شارە هەبوو، ڕژێم و پیاوانی حەپەسابوون. من خۆم وەکو کۆمۆنیستێك، وەکو هەڵسووڕاوێکی سیاسی سەرەڕای دێوەزمەی سەرکوت و تۆقاندن هەتا دوای مەرگەساتەکەی هەڵەبجەش لەناو ویژدانی ئەم شارەدا بە شێوەیەکی بەرچاو و باش خەریکی چالاکی و فەعالیەتی سیاسی و ڕێکخراو بووم. ئەو ڕۆژگارە هەمیشە لە ویژدانمدا زیندووەو هەر لێرەشدا سەری ڕێز بۆ ڕاوەستاوی خەڵکی هەڵەبجە دادەنەوێنم.

بەعسیەکان ئەم شارەیان کرد بە گەرووی ژەهردا بۆ ئەوەی کەمەری ڕاوەستانی دانیشتوانەکەی بشکێنن و تەسلیمبن، بۆیان نەچووەسەر. جمهوری ئیسلامی ئێران تاعونی ئیسلامیی پژاندە جەستەی ئەم دەڤەرەوەو هەڵەبجە بە ڕاوەستاوی مایەوە. دەسەڵاتی کوردی و خۆماڵیش پازدەساڵە بەسەر برینەکانی هەڵەبجەدا هەراو ڤیستیڤاڵ سازدەکات و بازرگانی بەسەر درامای ڕاچڵەکێنەری ئەم خەڵکەوە دەکات، بینیمان ساڵی پێشوو چۆن هەڵەبجە وەستایەوە! هەڵەبجە شایانی ئەوەیە بکرێتە شارێکی جوان و نموونەیی بۆ دانیشتوانەکەی، ئینجا وەکو سیمبولێك بۆ بەرگری و ڕاوەستاوی و درامای ژاراویبوون خۆی بکرێتە مۆنیۆمێنتێك! هەقە ئەمساڵ خەڵکی کوردستانیش لە 16-3 دا پشتیوانی بێسنووری خۆیان بەشێوەیەك کە هەڵەبجە

**پێویستییەتی نیشانبدەن. لە هەموو جێگایەك بە هەر شێوەیەك کە گونجاوە بڵێین، بەڵێ بۆ جێبەجێکردنی هەموو خواستەکانی خەڵکی شاری هەڵەبجە. بەڵی بۆ لابردنی ئاسەوارەکانی کارەسات!**

**ئەمساڵ هەڵەبجە ئارامترو سەرحاڵترە لە ساڵان. چونکە مەلامیح و سەنیاڵی دەیانهەزار چاوی پڕلە ئومێدی هەڵەبجە پێماندەڵێن، ئەمساڵ لە 16-3دا هەڵەبجە مەراسیمێکی ئارام بۆ خۆی دەگێڕێ. هەموو دەیانەوێ لەو ڕۆژەدا سنگ بنێن بە دڵی ژان و ئازارەکانیانەوەو باوەشبکەن بە هەیکەلی تێکشکاوی شارەکەیانداو 24سەعاتی ئەو ڕۆژە مارشێکی ئارام بەرپابکەن. پەیامی ئەم مارشە نوێیەی هەڵەبجە ئەوەیە ژیانی بۆ بگەڕێتەوە، ژیان! هەڵەبجە نایەوێ هەتا هەتایە "شەهید" بێ! داواکارە تەڕایی ژیان بگەڕێنرێتەوە بۆ ناو دەمارە ووشکهەڵگەڕاوەکانی. هەڵەبجە دەیەوێ بکرێتە سیمبولێك بۆ ڕاوەستانەوە لە پێناوی ژیاندا!**

2007-3-2